# بۆقە شین

## کورتە چیرۆکی منداڵان

سەلاح نیساری

بۆقەشین
سەلاح نیساری
پیتچن: شاسەنەم (6242794-6221340)
ڕووبەرگ:
ئەژمار:
بڵاوکەرەوە:

# نێوەرۆک

بەرخۆڵە ........................................................................ 4
هێلکەی شاری.............................................................................. 6
«کێ دەنگی دووزەلەی پێخۆشە»؟ ........................................ 8
ئافەرین بۆقەشین! ........................................................................ 10
هیوا لە چی بێزارە؟ .................................................................... 12
بزەی مێرووله ............................................................................ 13
مەڕەکێوی .................................................................................. 15
بەڵێنی ڕێوی............................................................................... 17
خەونی ڕێوی .............................................................................. 20
روومەتی هیوا وەکوو سێو جوانە.................................................. 22

بۆقەشین

# بەرخۆڵە

**بەرخەکان سەریان بەیەکەوە ناوە، سرت و خورتیانە!**
**(مەڕە خەزاڵ) بۆ ئەوەی گاڵتەیان لەگەڵ بکات کاڕاندی:**
**«دەزانم چیتان لە بن سەردایە! ئەمشەو دەست بکەنە ملی یەک تەخت بخەون؛ تاقەتی گێڕانەوەی هیچم نییە.»**
**بەرخەکان هەر چواریان کاڕاندیان، بەکەیف خۆشییەوە هەڵبەزین.**
**خەزاڵ کە نەیدەزانی ئەوان بۆچی دڵیان خۆشە، ئەویش بە خۆشییەوە کاڕاندی: «ئەوە بۆچی بەزم و ئاهەنگتان خۆشە؟»**
**بەرخەکان بۆنیان بە مەڕە خەزاڵەوە کرد، کاڕاندیان: «دایە گیان ئەمشەو ئێمە چیرۆک و حەقایەت بۆ دایکی خۆمان دەگێڕینەوە.»**
**دایکە خەزاڵ بە نیشانەی ڕەزامەندی سەری بۆ لەقاندن و بۆنی پێوە کردن.**
**بەرخەکان بە نۆرە ئاوا دەستیان کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان: «سەدان ساڵە ئێمەی تۆرەمەی [مەڕ] سەرەڕای ئەو سەروەتەی هەمانە هەر بە هەژاری و لارەملی ژیاوین! چاو لەدەست بووین، هەر بە دەستەندە بەڕێ چووین. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە کاوڕین، ئیتر نامانهەوێ هەر بەگوێرەی بابە [بەران] و دایکە [مەڕ] بژین بڕیارمان داوە ژیانێکی نوێ دابمەزرێنین»**

خەزاڵ توورە بوو، سەری ڕاوەشاند، کاڕاندی:«ئێوە ئەم قسە زلانەتان لە کوێ هێناوە، لە کێ فێری بوون؟! جارێکی دیکە چیرۆکی لەم چەشنە بگێڕنەوە دەتاندەم بە گورگ!»
بەڵام هەر خێرا کاڕاندی و فرمێسک بە چاویدا هاتە خوارێ، وەبیری هاتەوە بە درێژایی مێژوو گورگ بەرخەکانی خواردووە. بۆنی پێوە کردن و کاڕاندی: چیرۆکەکەتان بگێڕنەوە.
بەرخی دووهەم ئاوا دەستی پێکرد:«دایکە گیان مەڕەکان ئەو هەموو شیرەیان هەیە قەت بۆ خۆمان نییە، هەمیشە برسین! دنیا بە شیر و ماست و کەشک و ڕۆنی ئێمە بەڕێ دەچێ...»
سێیەم بەرخ کاڕاندی:«بەرگن و خوریی ئێمە ماڵ و کۆشک و تەلاری دنیای ڕازاندۆتەوە خۆمان لە سەرما و گەرمادا لە سەر عەرزی سارد و ڕەق دەخەوین!»
چوارەم بەرخ کاڕاندی:«سەوزە و باغ و بێستانی دنیا بە پەین و پشقەڵی ئێمە پێدەگا! هەر چێشتخانە و ماڵە دەوڵەمەندە بۆنی کەباب و گۆشتاوی کاوڕ و مەڕی لێوە دێ... گێژ و گەمژە بوون بەسە.»
تێکڕا کاڕاندییان: « با هەر لە بەیانییەوە دەست بە کار بین! با خوری و بەرگنی خۆمان بچنین و تەون و خوری ڕستن و ئەو شتانەی لە خوری بەرهەم دێن بە دەستی خۆمان و بۆ خۆمان بێت. لە داهاتی شیر و ماستی خۆمان سەرمایە کۆ بکەینەوە، بە دابی ئەمڕۆ کارخانە دانێین و چیدیکە نەهێڵین پێستە و خوریی ئێمە بۆ غەیری خۆمان بێت.»
مەڕە خەزاڵ بەم چیرۆکە کەیفی ساز بوو کاڕاندی:
«سەد بریا سەد ساڵ پێشتر باب و باپیران ئێمەیان وەبەر خوێندن نابا!»
منداڵە ئازیزەکان ئێستا بەرخەکان بوونەتە کاوڕ، ژیانێکی خۆشیان هەیە.

بۆقەشین

# هێلکەی شاری

ئازاد بابۆڵە هێلکە کوڵاوەکەی لە دەستی دایکی وەرگرت. سواری پەیکانەکەی بابی بوو، لەسەر سەندەڵی پشتەوە دانیشت. لە ڕێگا سەیری ئەو سپی دارانەی دەکرد، وا جادەکەیان دەگەیاندە شار.

ئازاد بە دەگمەن شاری دیتبوو. لە ماشێنەکە دابەزین و ڕوویان کردە ڕاستە بازار، زریقە و بریقەی دووکان و فرۆشگەکان چاوی ئازادیان دزی! دەستی بە دەست بابییەوە بوو. لەبەر دووکانێکدا ڕاوەستا، بابی ئاوڕی لێداوە، گوتی: «ئازاد چاو لە چی دەکەی؟»

ئازادگوتی: «بابە ئەوانە چن؟» بە دەستی، کۆمایەک هێلکەی نیشان دا!

بابی گوتی:«ئەوانە هێلکەن، بۆ دەڵێی قەت هێلکەت نەدیوە! خۆ تۆ منداڵی لادێی»

ئازاد گوتی: «ئەی بۆ وەکوو هێلکەی مامرەکەی خۆمان نین؟!»

بابی گوتی:«کوڕی خۆم، ئەوانە هێلکەی شارین !»

ـ «بابە من هێلکەی شاریم دەوێ.»

ـ «کوڕم لە دێی خۆمان چ زۆرە هێلکە.»

ـ «نا، بابە هەر دەبێ دوو دانە لەو هێلکانەم بۆ بکڕی.»

هەر چەند شێر و ڕێوی بۆ هێناوە، مەرزەم نەبوو، هێلکەی شاریم دەوێ هێلکەی شاری... ناچار بوو دوو هێلکەی بۆ کڕی، هەر ئەو ڕۆژە گەڕانەوە بۆ گوندی خۆیان. دایکی ئازاد خەریکی مریشک نانەوە بوو.

ئازاد گوتی:«دایە لە بەرچی ئەو هێلکانە دەخەیە ژێر مریشکەکەوە؟»

دایکی گوتی: «ڕۆڵە گیان لەپاش ماوەیەکی دیکە دەبن بە جووجەڵە، جووجەڵەی خرپن و خەپان.»

ـ «دایە منیش دوو هێلکەم هەیە، هێلکەی شاری، دەتدەمێ با ئەوانەش ببن بە جووجەڵە.»

ئازاد بەپەلە هێلکەکانی هێنا و دایە دەست دایکی. ئەویش لە پاڵ هێلکەکاندا داینان. مریشکە سوور بە قرتە قرت چوو لە سەریان هەڵنیشت. ئازاد زۆر بەپەلە بوو، ڕۆژێ جارێک لە دوورەوە سەیری مریشکەکەی دەکرد...

ڕۆژێک ئازاد لە قوتابخانە دەگەڕاوە بۆ ماڵێ، دایکی بانگی کرد:

ـ «وەرە خەبەرێکی خۆشت بدەمێ!»

ئازاد، بەخێرایی خۆی گەیاندە نزیک مریشکەکە، جووجەڵەکان بە دەوری مامرەکەدا دەهاتن و دەچوون. مریشکەکە بە چینە کردن و قرتەقرت جووجەڵەکانی وەدووی خۆی دابوو. کاتێک لە جۆگە ئاوەکە نزیک بوونەوە، دوو جووجەڵەی خرپن خۆیان هەڵدا نێو جۆگە ئاوەکەوە. ئازاد هاواری کرد:

ـ «دایە دایە! ئەو جووجەڵانە ئاو بردنی!»

دایکی دای لە قاقای پێکەنین و گوتی:«ئازاد گیان، ئەوانە جووجەڵەی مراوین مەترسە هیچیان لێنایە!»

ئازاد تەماشای مریشکەکەی کرد و دواتر لە جووجەڵە مراوییەکان ڕاما.

دایکی وتی: «ئازاد، بیر لە چی دەکەیەوە؟»

ئازاد، لەبەر خۆیەوە گوتی:«دایکە گیان لە هێلکەی شاری!»

بۆقەشین

# «کێ دەنگی دووزەلەی پێخۆشە»؟

هیوا گوێی بۆ قسەکانی مامۆستا «حەسەنی قزڵجی» ڕاگرتبوو. بابی زۆری حەز لە قسەکانی مامۆستا بوو. گوتی: «مامۆستا چونکە هیوا، وانەکانی باش دەخوێنێ و زیرەکترین قوتابی نێو پۆلە، نوکتەیەکی خۆشمان بۆ بگێرەوە.»
هیوا لە خوار مامۆستاوە دانیشت. ئەویش ماچی کرد، وتی: «ئەمڕۆ کە دەهاتم بۆ ئێرە، لە بزنە ڕێیەکەدا تووشی گاوانێک بووم لە سەر گابەردێک دانیشتبوو، دووزەلەیەکی پێ بوو، لێی دەدا چ لێدانێک!! پیرێژنی دەهێنا سەما! ماندوو نەبینیم لێ کرد، گوتم: «چۆن فێری دووزەلە لێدان بووی؟ لە وڵامدا شتێکی گوت زۆرم پێ سەیرو سەمەرە بوو»!
بابی هیوا گوتی:«مامۆستا، بۆ مەگەر گاوان باسی چی کرد»؟
مامۆستا گوتی:«گاوانەکە لە سەر بەردەکە هاتە خوارێ، گوتی: «کاکە میرزا! هەرکە لە سەر بەردەکە دێمە خوارێ، هەر چەند لە خۆم دەنووسێم ناتوانم بە دووزەلەکە هیچ هەوایەک لێ بدەم. بەڵام کە دێمە سەر ئەم بەردە، دەبم بە دووزەلەژەنێک، دەڵێی باب و باپیریشم

**دووزەلەژەن بوون!» منیش دووزەلەکەم لێ وەرگرت، چوومە سەر بەردەکە و فووم بە دووزەلەکەدا کرد. دەتگوت پەنجا ساڵە دووزەلەژەنم. بەڵام کاتێک هاتمە خوارێ ئەوەندەی فووم بە دووزەلەدا کرد، دەنگی لێوە نەهات!»**

**هیوا، هەر وەک لە فێرگە زۆری پرسیار دەکرد. بە نیشانەی ڕوخسەت قامکی بەرز کردەوە. مامۆستا گوتی: «هیوا گیان دەتەوێ چی بڵێی؟»**

**هیوا گوتی:«مامۆستا ئەی تۆ چیت کرد؟»**

**مامۆستا گوتی: «جارێکی دیکە چوومەوە سەر گابەردەکە، فووم بە دووزەلەکەدا کرد. کەژ و کۆ دەنگی دەدایەوە.»**

**بابی هیوا گوتی: «مامۆستا لە تۆ وایە ئەوە چ بەردێکە؟»**

**مامۆستا کەمێک مات بوو. وا دیار بوو بیری دەکردەوە، گوتی:«لەوە دەچێ گابەردێکی تەلەسمکراو بێ، یان خەزێنە بێت!»**

**ئێستا هیوا بۆتە پیاو، مامۆستای زانکۆیە. لەسەر ئەو گابەردە زانکۆیەکی ساز کردووە، خوێنەرانی بەشی مۆسیقا لەبەر دەستی مامۆستاڕ هیوادا فێری ژەنینی دووزەلە و ئامێرەکانی مۆسیقا دەبن.**

# ئافەرین بۆقەشین!

بۆقەشین لەکۆڕی گۆرانی گوتن گەڕایەوە بۆ ماڵێ. بۆنی پنگە و گژوگیا سەرخۆشی کرد. لەپڕ وای زانی هۆڵی گۆرانی وتنە، گوپی هەڵدا، تێی قیڕاند: «قیڕقڕقیڕقڕ...»
لەپڕ گوێی لەدەنگی زەنگوڵەیەک بوو، بیری کردەوە، دواتر قیڕاندی: «ئەوە دەبێ مێگەلە مەڕێک بێ.»
زەنگوڵەکە بێدەنگ بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: ڕەنگبێ بزن یان مەڕێک بووبێ.
بۆقەشین هەر چەند کە هەستی ڕاگرت، دەنگی زەنگوڵەی مەڕ و بزنی نەبیست. بەڵکوو ئەو دەنگە دەنگی زەنگوڵەی مار بوو!
بۆقەشین لە ترسان هەر خێرا خۆی لە ژێر قەوزەی ئاوەکەدا شاردەوە. بەڵام دیسان گوێی لە زەنگوڵەی مارەکە بوو!
لەبەر خۆیەوە گوتی: «خۆزگە زوو بێدەنگ بێت و بڕوا، ئێستا دایکم چاوەڕێمە.»
بۆقەشین ماوەیەکی باش چاوەڕوان ماوە، بەڵام ماری زەنگوڵەدار هەر لەوێ بوو. ئەو شەوە نە مار جووڵا و نە بۆقەشین لەژێر قەوزەدا هاتە دەرێ. بەیانی بە قیڕەقیڕی بۆقەکان لەخەو ڕاپەڕی، لەسەرەخۆ جووڵا و هاتە سەر پشتی قەوزەکە. بە چوار دەوری خۆیدا ڕوانی، مار پاپۆکەی خواردبۆوە، بۆق گوتی:

ـ وا باشە تاکوو مار نوستووە خۆم ڕزگار بکەم، لەو دەوروبەرە نەمێنم.
بە بازبازێن ویستی لە مار دوور بکەوێتەوە. زۆر پەشۆکابوو یەکڕاست کەوت بە سەر زەنگوڵەی مارەکەدا!
مار وەخەبەر هات، یەک دوو جار زمانی لێ دەرکێشا، هووشاندی:«شەوگاری ئەمشەو بە تەمای تۆ لێرە مامەوە، ئێستا بە پێی خۆت هاتییە خزمەتم! منیش خێرا قووتت دەدەم!»
بۆقەشین سەرنجی ئەملا و ئەولای خۆیدا، کە زانی تازە ناتوانێ ڕزگاری بێت، بیری کردەوە هەر چۆنێک بێ ئازایەتی خۆی بە مار نیشان بدات!
لەپڕ گوپی هەڵدا چەند جارێک قیڕاندی، بۆقەکانی دەوروبەر کە ئەم قیڕەیان بیست زانیان خەتەرێک لە گۆڕێدایە! تێکڕا بە قیڕە قیڕ خۆیان گەیاندە بۆقەشین. مار کە ئەمەی بیست وتی:«مانای ئەم قیڕاندنە چییە؟»
بۆقەشین قیڕاندی:«یانی من نامەوێ بمرم، دەمەوێ بژیم!»
مار گوتی:«کاتێک دەمەوێ مشکێک بخۆم، تاکوو من دەبینێ لە جێی خۆی گیانی دەردەچێ!»
بۆقەشین گووپی هەڵدا و قیڕاندی:«گوێت لێیە ئەو بۆقانە چۆن دەقیڕێنن؟»
مار گوتی:«ئەوانە دەڵێن چی؟»
بۆقەکان وێڕای یەک قیڕاندییان: «ئێمە هەموومان بۆقین، بۆ ژیان لە سەر لۆقین.»
مار گوتی:«منیش بێزارم لە مشکی خوێڕی...»
هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو لەقلەقێک بە دندووکە درێژەکەی پڕی بە مارەکەدا کرد و بردییەوە بۆ بەچکەکانی.

# هیوا لە چی بێزارە؟

کاتێک هیوا لە نووسینی وانەکانی تەواو بوو، گڵۆپی وەتاغەکەی خۆی کووژاندەوە. بابی لە هاڵەکە سەیری فیلمی ئاژەڵانی دەکرد. چوو لە پەنای بابی پاڵی لێداوە.

سوججەمارێک خۆی لە مشکێکی بۆر مات دابوو. مێرووڵەخۆرێک مێرووله سوورەکانی دەچنییەوە و دەنک دەنک دەیخواردن. لەقلەقێک لە قەراخی مرداوەکە بۆقێکی بە دندووکەوە بوو. تاژپڵەنگێک دەم لە سەر پشت کەوتبووە سەر بێچووە ئاسکێک، بە تاو دەیهێنا و دەیبرد. قشقەڕەیەک لەو لاترەوە خەریکی ڕاوە کولله بوو.

هیوا خۆی خستە بن باڵی بابی و گوتی:«بابە تۆ دەڵێی تاژپڵەنگ دەتوانێ بەچکەی ئاسک بگرێ؟»

بابی لە وڵامدا گوتی:«هیوا گیان! هەر ئێستا ڕاوی دەکا، دەیخوا.»

هیوا نیگەرانی ئاسکە چکۆڵە بوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت:«چەندە گوناحە، ئەو زلەیە چۆن ئەو بەچکەیە ڕاو دەکا، یا خوا نەیگرێ.»

بابی دەستی بە سەری هیوادا هێنا و گوتی:«کوڕی خۆم لەو دنیایەدا، شتە گەورەکان هەمیشە ئەوانی چووکەتر دەخۆن. تۆش بۆ ئەوەی قوتت نەدەن زوو گەورە بە، با نەت خۆن.»

بۆقەشین

# بزەی مێروولە

لە دەشتێکی سەوز و خۆشدا دوو مێروولە ـ یەکیان نێر و یەکیان مێ ـ لە سەر گردۆڵەیەک سنگی زەویان کون کرد وماڵیان ساز کرد.
لە ماوەیەکی کەمدا منداڵیان زۆر کرد، شارێکی خۆشیان دروست کرد.
بۆ بەڕێچوون و بژیوی ژیان ڕۆژ تا ئێوارێ حەولیان دا، کێشەوەیان کرد.
مێروولەکان لە ژیانێکی خۆشدا بوون. لە دوای عومرێک دایکە و باوکە پیر بوون. ڕۆژێک گوتیان: «پێمان لە سەر لێواری قەبرە، لە دوای ئێمە ئاگاتان لە خۆتان بێ، ماڵ و شارتان ڕازاوە ڕابگرن، ئازارتان بۆ دەوروبەرتان نەبێ. هۆشتان بە ژینگە و شاری خۆتانەوە بێ. بۆ خۆتان بژین و گێل مەبن!»
ساڵێک دوای مردنی مێروولە پیرەکان، مێروولەی شارەکە هەستیان بە کەموکوڕی دەکرد. مێروولەیەکی ڕەش خۆی کرد بە دەمڕاست و گەورەی ئەوان. فەرمانی دەدا، بەکەیفی خۆی دەیخوارد و دەخەوت. شەوێک بیری کردەوە:
«ئاوا بڕواتە پێش ڕۆژێک حاڵم بە دەستیانەوە شڕ دەبێ! وا باشە فکرێک بە حاڵیان بکەم زاووزێیان زۆرە، ڕۆژ نییە گەرا نەنێن!»
بەیانی لە هۆڵێکی گەورەدا تەواوی مێروولەکانی کۆ کردەوە، لەسەر سەکۆیەک ڕاوەستا، ئاوا ملی نا لە قسەکردن:

ـ «مێروولە سەرخڕ و قەد باریکەکان! جوان گوێ ڕادێرن، زستان بەڕێوەیە، بەم زووانە تەپ دەداتە سەرمان، هەر ئەمڕۆ بە دوو دەستە دابەش دەبن! دەستەیەک دانەوێڵە دەهێنێتەوە، دەستەیەک لە هەمبارەکاندا هەڵیدەچنێ!»

بە هەڵەداوان دەستەی یەکەم وەڕێ کەوت. هێشتا دوور نەکەوتبوونەوە گوتی: «دەستەی دووهەم؟ لە ئەمر و فەرمانم دەرنەچن! چیتان پێ دەڵێم وا بکەن!

هەر مێروولەیەک لە درگای شار نیزیک بۆوە خێرا سەری بقرتێنن یەکێک دانەوێڵەکە بەرێتە ژوورێ یەکێک کەلاکەکە دوور بخاتەوە.»

کە دەستەی یەکەم تاقەواریان لێبڕا مێروولەی فەرمانڕەوا دەستوبرد هەمارەکانی بەسەر کردەوە، هاتە بەر درگای شار چەند جارێک شاخەکانی جووڵاند، ڕووی کردە ئەو شوێنەی لاشەی مێروولەکانی لێ فڕێ درابوو. تەپۆڵکەیەک لەسەری مێروولە قوت ببۆوە، تێر تەماشای کردن، چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا، بە تەپۆڵکەکەدا سەرکەوت. لاقی لە سەر لاقی دانا، بزەیەکی هات و گوتی: هەر بژی فەرمانڕەوای شار!»

مێروولەکان فریا نەکەوتن چەپڵەی بۆ لێدەن، مارمێلکەیەک لە پشتەوە بە قەپاڵێک کۆتایی بە عومری درێژی هێنا.

هاوینی 1380 هەتاوی

بۆقەشین

# مەڕەکێوی

لـە دارسـتانێکی خۆشـدا (ئـەو لێـڕەوارە) بـە شـانی زنجـیرە چیایـەکی دڵگیرەوە بوو. مەڕەکێوییەک دەژیا چوار بێچـووی خشـپیلانەی هـەبوو، بێچووی گەورەیان خورییەکـەی سـوور بـوو، یـەکیان بـەرخێکی سـپی و سۆڵ، ئەوی تریان خورییەکی تەواو سەوزی هـەبوو، ئـەوەی دیکەشـیان زەردێکی گەش و جوان.

دارسـتان ئـاو و هەوایـەکی خـۆش و سـازگاری هـەبوو. مـەڕەکێوی و بەرخەکانی بە ڕۆژ لەو لێڕەوارەدا دەلەوەڕان، لە بەفراوی چیاکـە ئاویـان دەخواردەوە بە خۆشییەکی زۆرەوە ڕۆژیان ئاوا دەکرد، شەوانە لە کەلێنە بەردێکی ڕەوەزەکەدا شەویان ڕۆژ دەکردەوە.

بە ڕۆژدا لەگەڵ مامر و ئاسکە کێوی و زۆربەی ئاژەڵان تێکـەڵ دەبـوون ژیان بە کەیفی ئەوان بوو. هیچ کامیان یەکتریان ئازار نەدەدا. وەختێـک تێردەبـوون لـەبن سـێبەری دار بـەڕوودا ملیـان دەنـا لـە کـاوێژ کـردن.

ڕۆژێک مەڕەکێوی لەگـەڵ بێچووەکـانی بـۆ لـەوەڕ لـە کەلێنـە بەردەکـە هاتبوونە دەرێ. هەوا گۆڕدرا، با سـەروپرچی دار و دەوەنی دەڕنی. دنیـا تاریـک بـوو، خۆرەتـاو ون بـوو. چەنـد ڕۆژ دواتـر تـەمومژ ڕەوییـەوە، دارستان هاتەوە سەر حاڵەتی جاران. مەڕە کێوی لە پـەنا بـەردێک هاتـە

دەرێ، بەڵام هیچ کام لە بێچووەکانی بە دەورییەوە نەمابوون. چاوی لە ئاسمان و دواتر تەماشای دووری کرد. چاوی بوو بە کانی فرمێسک، بن دار و بنچک و سەر کانی و قەراخ ڕووبار و سەروبنی دارستانی لێک دا، هیچ کامیانی نەدۆزییەوە. زۆربەی شەوان بە تەنیایی لە کەلێنە بەردەکەدا بە دەم پەژارەوە خەونی بە بەرخەکانییەوە دەبینی.
زستان تەواو بوو، بەهار بە هەموو جوانییەکانییەوە باوەشی بە دارستاندا کرد. مەڕە کێوی لە حەژمەتی بێچووەکانی لەڕ و لاواز بوو. نیوەڕۆیەک مەڕەکێوی سەیری ئاسمانی کرد. ئەوا پۆل پۆل قاز و مراوی دەگەڕێنەوە بۆ دەراوەکانی ڕووبارەکە و لێڕەوار. هیوا و خۆشی لە دەروونیدا زیندوو بۆوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:
- «لەقلەقەکانیش لەمێژە هاتوونەوە، ئای خۆزگە بەرخەکانی منیش وەگەڕێن» مەڕە کێوی لەو بیرۆکەیەدا بوو مەیموون و سمۆرە و کەروێشک بە ڕمبازێن هاتن بۆ لای مەڕەکێوی. قشقەڕە و قەل و پەپووسێمانەش تێکڕا هەواڵی هاتنەوەی بەرخەکانی مەڕەکێوییان هێنا و کردیان بە شادی و خۆشی. بەرخەکان هاتنەوە باوەشی دایکیان، بەرخە سوور وەلای سەرێ کەوت، بەرخی سپیش بەرخە زەردی لە باوەش کرد و بەرخی سەوزیش لە خوارەوە دەستی لە ملی دایکی کرد. ئێتر هەموویان بە یەک شاد و شوکر بوونەوە.

زستانی 1384

بۆقەشین

# بەڵێنی ڕێوی

ڕێوییە سوور لەدڵی خۆیدا بەڵێنی دا بە ڕێ‌وشوێنی دایک و بابیدا نەڕوات!
بە دارستانەکەدا هاتە خوارێ. دەمەو نیوەڕۆ لە کەناری گۆلاوێک وێنەی خۆی لە ئاوەکەدا دیت. لە دەم و لمۆزی خۆی ڕاما. لەبەر خۆیەوە گوتی:«بەڵێنم داوە ئەوەی تایەفەی ئێمە کردیان من نەیکەم.»
ئێتر چۆڕێکی ئاو خواردەوە بە مڵومۆ کردن بنچک بە بنچک دەرودۆڵی تەقاند. ماندوو بوو، لەبن دار گوێزێک وچانی دا. لەمێژ بوو هیچی نەخواردبوو. لەژێر دارسێوێک داوای سێوی کرد. دارە سێو وڵامی نەدایەوە.
ڕۆیشت و گەیی بە گامێشێک لە قەراغ ئەستێرێک. مەلێک لەسەر پشتی بوو. ڕیوی لە دوورەوە ڕاوەستا، گوتی:
«خەریکە لەبرسان قڕم بێت! لەوانەیە بەلادا بێم، چیم لێدەکەی؟»
گامێش گوتی:«گیاندارێکی بێ ئاوەزی! وەرە من بخۆ، ئەو مەلەش بە من ناگیرێ خۆت ماندوو بکە یەکمان بگرە و بمانخۆ.»
ریوییە سوور لیک بە زاریدا دەهاتە خوارێ، گوتی: «نامەوێ وەک بابم پڕ بدەمە شت.»

گـامێش چەنـد جارێـک فیشـقاندی: «ڕێوییـە سـوور بچـۆ بـۆ کـەناری ڕووبارەکە، پڕە لە ڕەقە، خەریکی حەسانەوەن، پڕ بە دڵی خۆت بخۆ.»
ریۆییە سوور بەم قسەیە کەیفی ساز بوو، گوتی:«لە کام لاوە بچم بۆ سەر ڕووبارەکە؟»
گامێش مووشاندی:«بەرەو خوار و بەرەو خوارتر...»
لـە سـەرەوخواریدا قاڵـاوێک لەسـەر دار توویـەک زۆر بـە هەراسـانی دەیقیڕاند. ڕێـوی وتی:«ئـەوە چیـت لـێ قـەوماوە، بـۆ بـە قیڕەقیـڕ ئـەو لێڕەوارەت هەڵگرتووە؟»
قاڵاو گوتی:«یەکێ لە بێچوەکانم مندار بۆتەوە...»
ریۆی لە بەر قۆڕەی زگی بە ئاستەم گوێی لە وڵامەکەی بوو؛ گوتی:«ئەوە لەبرسان دەمرم. جووجەڵەکە بەردەوە با بیخۆم!»
قاڵاو هەر ئەوەندە گوێی لەم قسەیەی ڕیوی بوو. بە تیژی لە دارتووەکـە هاتە خوارێ، خەریک بوو بە چڕنووک و دەندووک چاوی دەربێنێ.
ریۆی کلکی لە گەڵۆزی نا و بەرەو ڕووبار هەڵات.
دوانیوەڕۆیـەکی درەنـگ ڕێـوی لـەدەم ئاوەکـە ڕەقەیـەکی دیـت. بـێ سێودوو لێ کردن قەپی کرد بە رەقەدا، بەڵام بێسوود بوو! ڕەقەکە بەبێ ئەوەی سەر لە قاپۆڕ دەربێنێ، گوتی: «ڕێوییە سووری دارستان ئـەوە بـۆ ئەوەندە برسییت بە ڕەقە ڕازی دەبی؟»
ریۆی لەو وەختەدا کە تەقە تەقی ددانی دەهات لە سـەر پشـتی ڕەقەکـە گوتی:«بەڵێنم بە خۆمدا بـە ڕێوشـوێنی بابمـدا نـەڕۆم، بەڵـام برسـییەتی هاری کردووم!...»
رەقە گوتی: «لەسەر بەڵێنی خۆت سوور بە هەڵمبگرە و بمخە ئاوەکـەوە چاوەڕێ بە ماسی چەور و قەڵەوت بۆ دەهێـنم. دەنـا ئەگـەر نـەشمتوانی

ماسی بێنم، سەعاتێک لە ئاوەکەدا بم دەخووسێم و نەرم دەبمەوە، ئەوجار کە هاتمە دەرێ بمخۆ!»

ڕێوییە سوور بەو نیازە، ڕەقەی ڕەق و تەقی خستە نێو ئاوەکە، چاوەڕوان ماوە...

منداڵە چاو گەشەکان ئێستاش کە ئێوە ئەم چیرۆکە دەخوێننەوە ڕێوییە سوور چاوەروانە ڕەقە لە ئاوەکەدا بخووسێ و ماسی چەور بۆ ڕێوی بهێنێ!

# خەونی ڕێوی

ئازاد بە دەم ڕێگاوە هەر بیری لێدەکردەوە چی بنووسێ!
گەیشتەوە ماڵی خۆیان. ڕووی کردە ژوورەکەی خۆی، دەفتەرە تازەکەی لەبەر دەمی دانا، سەری بە سەردا گرت.
دایکی لەبەر پەنجەرەکەوە چاوی لێ بوو ئازاد سەری بە سەر دەفتەرەکەدا گرتووە، خەریکی بیر کردنەوەیە. چووە ژوورەوە و گوتی:
«بیر لەچی دەکەیەوە؟ دەتەوێ چی بنووسی؟»
«دایە چیرۆکێکم بۆ بگێرەوە با بینووسم سبەینێ لە قوتابخانە بۆ مامۆستا و قوتابییەکانی دەخوێنمەوە.»
دایکی ئاوا دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکێک:
«ئاسمان دوور و عەرز خڕ بوو، لایەک ئاو و لایەک قوڕ بوو، بەشێک ڕۆژ و بەشێک شەو بوو، عومری بەشەر نیوەی خەو بوو. دارستان و مێشە زۆر بوو، زەوی مرۆی زۆر و بۆر بوو. خەڵک چاوەڕوانی تاو بوو، وەکوو ئێستا دەهۆ باو بوو. باخێک ژینگەی سانەوە بوو. جێی کار و حاوانەوە بوو، باخێک جێگەی ژیان و ژین، ڕازاوە بە میوەی شیرین. بەڵام داخم! ئاخ بۆ خێوی، شێر نووستبوو؛ وریا، ڕێوی! نووسیت کوڕی دایکی؟»
ئازاد خەریک بوو نوختەی دادەنا، گوتی:«بەڵێ.»

«ڕێوی سەر کردە و فەرمانڕەوای ئەو ژینگەیە بوو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گوزەرانی لە خەڵک و گیاندارانی ئەو ژینگە خۆشە تاڵ و تاڵتر کرد. جێگایەک نەما ڕێوی دەستی پێنەگەیەنێ. شەو نەبوو لە خەوی شیریندا گوێی خەڵک نەپچڕێنێ! کەمتر گیاندار هەبوو گوێچکەیەکی نەخورابێ! ڕێوی بە خەونیش نەدەهاتەوە بیری ڕۆژێک لە ڕۆژان سیرمەخۆر بوو! نووسیتەوە ڕۆڵەی شیرینم؟»

ئازاد نوقمی چیرۆکەکە بوو، گوتی: «بەڵێ دایە گیان.»

ـ «ڕۆژێک تاووبان خۆش بوو، جوامێرێک لێی ڕاپەڕی؛ ئەو کوڕە گوێی باب و باپیری، ڕێوی بردبووی. بەڵام هەر وەک کورد، دەڵێ (بەو کەسە دەڵێن ئاقڵ و هوشیار: دوو جار لە کونێک پێوەی نەدا مار) کوڕە ئازاکە لە مێژ بوو لە فکری ڕێویدا بوو! لەسەر ڕێگای ڕێوی تەڵەی دانا، ڕێویی گوێچکەخۆر هەر وەک عادەتی بوو ملی نا لە شەوڕاو لە نیوەشەودا بە پاشوو بە تەڵەوە بوو. هەتا بەیانی تاسا، بەیانی کە وە هۆش هاتەوە دنیا ڕووناک بوو، زیندەوار هەموو لە خەو هەستان بۆ ئەوەی ڕێوییەکان بەم هەواڵە نەزانن چڕنووکی لە عەرزی گیر دەکرد و قەپی دەکرد بە تەڵەکەدا! کە زانی بۆ ڕزگار بوونی خۆی هیچی پێ ناکرێ بە خۆی گوت: ئەوە خەونە! نا هەر بە ڕاستی بە تەڵەوە بووم؟ نا نا، خەو دەبینم، تەڵەی چی؟ نا، ئەوە نییە ناتوانم ڕاکەم. تاو وڵاتی ڕووناک کردبوو. ڕێوی باوەڕی بە تەڵەکە نەدەکرد هەر دەیگوت ئەوە خەونە. جار جاریش دەیگوت ڕاستە ڕاست؛ خەونی چی؟»

ئازاد نوختەی کۆتایی دانابوو، دایکی گوتبووی تەواو بوو، قەڵەمەکەی لە سەر دەفتەرەکە دانا و دەستی برد بۆ گوێچکەی خۆی.

بۆقەشین

# ڕوومەتی هیوا وەکوو سێو جوانە

ئازاد، ئینشاکەی خوێندەوە. منداڵەکان وێڕای مامۆستا چەپڵەیەکی باشیان بۆ لێدا.
مامۆستا ڕووی کردە قوتابییەکان و گوتی: «بۆ حەوتەی داهاتوو هەر قوتابییەک باشترین وێنە (نەقاشی) بکێشێتەوە، خەڵاتی باشی دەدەمێ. عەکسی خۆی لەگەڵ وێنەکە لە گۆڤاری منداڵاندا چاپ دەکرێ.»
زەنگی قوتابخانە لێدرا. هەر کەسەو ڕووی کردەوە ماڵی خۆیان. هیوا هەر بیری لەوە دەکردەوە وێنەیەکی باش بکێشێتەوە. دەفتەری نەقاشی دانا. قەڵەم ڕەنگینەکانی ئامادە کرد. چەند وێنەی کێشاوە، بەڵام دواتر دڕاندنی! یەکیان وێنەی دارستانێک بوو ئاگری گرتبوو. ئەوی تریان وێنەی تەور و مشارێک بوو. دانەیەکی دیکە وێنەی چایەکی ڕەش و قەندانێک قەند بوو...
وەختێک بەو نەقاشییانە ڕازی نەبوو و دڕاندنی، وێنە دڕاوەکانی خستە سەتڵی زبڵەکەوە. لە بەرامبەر ئاوێنەکە سەری ڕوومەتەکانی خۆی کرد. لە پڕ بزە کەوتە سەر لێوی!!
بەیانی مامۆستا داوای لە قوتابییەکان کرد دەفتەری نەقاشی ئامادە بکەن تاکوو نمرەیان بداتێ. مامۆستا وێنە و نەقاشی هەموویانی پێ جوان بوو، بەڵام باشترین نمرەی دا بە هیوا!! هیوا وێنەی داری «سێو، هەرمێ، هەنار، ترێ، هەنجیر، خورما و...» کێشابۆوە. هەر بۆیە ڕوومەتی هیوا وەکوو سێو جوانە.